# خوێندنەوەیەك بۆ نارەزایی بوونی خەڵکی کوردستان

بەشدار علی
Bashdar_net@yahoo.com

لەزانکۆ وقوتابخانە,لەبازارو شۆستە و چاپخانەکان,لە دائیرە و بازار و پارکەکان,لەنیو تاکسی و پاسەکان....بیزاریەك و نیگایەکی تورەیی‌خەڵك بەدیدەکرێت لە لاو و گەنج و پیر و پەککەوتە و ....,لە هەڵسوکەوت و رەفتار و قسە و نوسینەکانیاندا ئەم نارازی بوونە دەخویندرێتەوە و لە چەندین شوێنیش ئەم بە مانگرتن و خۆپیشاندان و ئیمزاکۆکردنەوە دەریان بریوە,بەلآم بابزانین ئەم بێزارییەی خەلکی کوردستان لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە ؟ئەم خەڵکە لە کوێ و لە چی نارازین؟

خەلکی کوردستان لە ژیر سایەیی دەسەلآتی بەعس زۆرترین قوربانی بەرکەوتوە و بە سەدان کارەسات و دەردو و مەینەتی و ئازار و ناخۆشی چەشتووە .کاتیك خەڵك ژیانی دەگوزەراند لەلای رۆشن بوو کە رژیمێکی تۆلیتاری و شۆڤینی عەرەبی دەسەلآتی بە دەستە و چاوەروانی کردەوەیەکی باش و هەڵوێستیکی چاکتری لێنەدەکرا .بۆیە هەموو کاروو و کردە و بیرکردنەوەی خەڵك لەدەوری ئەوەدا دەخولایەوە کە چۆن ئەم رژێمە سەرەو گوم کرێت و کۆتایی بە دەسەلآتی بهێندریت, چونکە بە هەموو بارەکانیدا تاقیکرابویەوە کە ئازادی و خۆشگوزارانی و رەفاهیەت و عەدالەتی کۆمەلآیەتی لە ژێر دەسەلآتی بەعس, بۆ خەڵکی عێراق بەگشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەت , مانایەك پەیدا ناکات.

بۆیە بە چاکسازی و پاکسازی نەیتوانی وەزعیەتی خەڵك  باش بکات و سەرەنجام لە بەهاری 91 خۆشبەختانە گۆری گوم بوو لە کوردستان, ئیترخەڵك لە چاوەروایییەکی قوڵدا چاوەکانی کردەوە, خەڵکی کوردستان چاوەروان بوون هەموو کارەسات و موسیبەت و ناخۆشیەکانی پێشتر چەشتویەتی کۆتایی پێبێت و هەوایەکی ساف و بێگەرد هەلمژن و بۆ هەتا هەتایە ناخۆشی ئەم رووداوە جەرگ برانە نەبێتە میوانیان, بەلام بۆ یەك ساتیش شەر و کوشتن و رفاندن و تیرۆ و تۆقاندن و نەبونی و بێخانە و لانەی دەستی لە گەردەنی خەڵك نەکردەوە و سەدان ناخۆشی و رووداوی تری مەرگ ئامێز بوونە دیاری!

دوایی تێپەربوونی ئەم قۆناغانە و بارودۆخ بەلایەکی تردا گوزەری کرد, هەرەشەی بەردەوامی بەعس نەما و سەرگەردانی کوردستان وپەلاماردانە بەردەواماکانیکۆتایی پێهات و سەرکردایەتی حیزبە کوردییەکان بونە پیکهاتەی سەرەکی دورست بوونی حکومەتی بەغدا ,دوو ئیدارەی و شەری ناوخۆ نەما,بودجە و ئیمکانیاتێکی خەیالّی کەوتە دەستی دەسەلاتداران, بەلآم ژیان و گوزەرانی خەڵك یەك میلیش نەچویە پێشەوە و گۆرانکاری بەسەردا نەهات. مافە فەردی و مەدەنیەکانیان باسێکی لێوە نەکرا, خەونی چەندین ساڵیان کەبریتیە لە دامەزراندنی دەولەتێکی سەربەخۆ و کۆتایی هێنان بە ژێر دەستەیی و پلە دوویی بە

**هەوادا چوو,هەمان یاسا و دەستورەکانی بەعس لە دادگاکان کاری پێکرایەوە و بە پەیرەوی لەم یاسایانە هەزارەها لاو بە لە دلاْبوونی سەدان خۆزگە و هیوا سەریان نایەوە, هەزارەها ئافرەت کوژران و یان ناچار بە خۆکوژی کران,ئاو و کارەبا و رێگاو بان و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی تر نەچووە نێو پرۆگرامی سەرەکی حکومەت,لە لایەکی ترەوە بە هۆی گەندەڵی و دزی و بە فیرۆدانی سامانی خەڵك کۆشك و تەلار و سەیارەی بەرپرسان مانگ لەدوایی مانگ لە گۆڕاندا بووە و لە پیشکەوتووترین ئامیرەکانی سەردەمەوە بەهرەمەند بوون.لەبەر ئەم هۆکارە و سەدانی تر خەڵك بیزاری و نیگەرانیەکی زۆر لە نیگا و چاوەکانی بەدیدەکرێت و رەنگیداوەتەوە بەسەر ژیان و گوزرران و کارو کردەوی رۆژانە و گیانی تۆڵە سەندنەوە و تورەیی لە بێو دڵ و دەروونی تاکە بە تاکەی خەڵك جیگای خۆی کردۆتەوە و نارازین بەرامبەر هەموو ئەو شتانەی رۆژانە لە دەوروبەریان دەگوزەرێ.**